# مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری و ڕۆڵی لە ڕۆنانی وشەی زمانی کوردیدا

**دلێر سادق کانەبی[1] - ئیبراهیم محەمەد خدر[2]**

[1]بەشی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری و ڕۆڵی لە زمانی کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە زمانی کوردیدا و شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیانەی ئەو وشانەی، کە ئەم جۆرە مۆرفیمە ڕۆڵی بنکە دەبینێت تیایاندا. توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتوە و پەیرەوی لە ڕێبازی وەسفی شیکاری دەکات. بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە و تایبەتە بە بنکە و تایبەتمەندیی و جۆرەکانی بنکە، جیاوازی لە نێوان بنکەی بەند و گیرەک، بنکەی بەندیش بۆ بنکەی کاری و بنکەی ناکاری دابەشکراوە. **بەشی دوەم** لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، لەم بەشەدا ڕۆڵی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕو، وشە بەرهەمهاتوەکان بەپێی جۆری دەرکردەکەیان و کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکەیان و یاسای پێکهاتنیان پۆلکراون و جیاکراونەتەوە. **بەشی سێیەم** ئاماری هەمو ئەو وشانەی کە مۆرفیمی بەندی بنکە لە ڕۆنانیاندا بەشدارە، بە هێڵکاری (چارت) خراوەتەڕو.

لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

**وشە کلیلەکان:** مۆرفیم، بنکەی بەند، بنکەی کاری، بنکەی ناکاری.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

**Received:** 10-November-2021

**Accepted:** 29-November-2021

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

diler.kanaby@soran.edu.iq

ibrahim.mohammedkhdhir@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری و ڕۆڵی لە زمانی کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و دەرخستنی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری، کە لە ڕۆنان و پێکهاتنی وشە و زاراوەی نوێ لە زماندا گرنگی تایبەتی هەیە. ئەم جۆرەی مۆرفیم تایبەتمەندی و ئەرکی خۆی هەیە و لە زۆر زماندا بەدیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم یەکە زمانییە، لە زمانی کوردیدا ڕاگوزەرانە بە ناو و زاراوەی جیاواز ئاماژەی پێدراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بەوردی باس لەم یەکە زمانییە دەکات.

سنوری توێژینەوەکە ئاستی مۆرفۆلۆژی بەگشتی و وشەڕۆنان بەتایبەتی، بەتایبەتی تریش ئەو وشە ناسادانەی زمانی کوردی (کرمانجیی خوارو)، کە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لەڕۆنانیاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. بۆ کەرەستە و نمونەکانی توێژینەوەکە سود لە سەلیقەی زمانەوانی توێژەر، هەریەکە لە فەرهەنگەکانی (خاڵ، هەنبانەبۆرینە، زانستگای کوردستان و دەنگەگەناو)، ئەو وشە و زاراوە و نمونانەی لە کتێب و توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکاندا بەکارهاتون وەرگیراون. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی، واتە داتا و زانیارییەکان دوای وەرگرتنیان و خستنەڕویان وەسفکراون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە، بەڵگە و نمونەی بەردەست بۆ هەریەکێک لە یاساکانی ڕۆنانی وشەکان هێنراوەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا سود لە مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم-بناغە وەرگیراوە.

### ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

لە سێ بەش پێکهاتوە، **بەشی یەکەم** بنکە و تایبەتمەندی، جۆرەکانی، جیاوازیی نێوان بنکەی بەند و گیرەک، مۆرفیمی بەندی بنکەی کاری وناکاری دەگرێتەخۆ. **بەشی دوەم** تایبەتە بە ڕۆڵی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی وشەی زمانی کوردی)دا، وشە بەرهەمهاتوەکان بەپێی جۆری دەرکردەکەیان و کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکەیان و یاسای پێکهاتنیان پۆلکراون و جیاکراونەتەوە. **بەشی سێیەم** ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە وشەی زمانی کوردیدا بەئامار و هێڵکاری (چارت) خراوەتەڕو.

**لە کۆتاییدا** ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: بنکە و جۆرەکانی:

لەم بەشەدا بەشێوەیەکی تیۆری و بە نمونەی پێویست هەوڵدەدرێت و بنکە و جۆرەکانی ڕوبنکرێتەوە.

### ١ـ ١: چەمک زاراوەی بنکە:

بنکە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Base)، لە زمانی فارسیدا زاراوەی (پایە)ی بۆ بەرکادێت، هەروەها لە زمانی کوردیدا زاراوەی جیاجیای وەک (بناغە، بنەچە، بنج، بنکە)ی بۆ بەکارهاتوە، لەگەڵ ئەوەی هەمو ئەم زاراوانە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

یەک چەمک و واتا دەگەیەنن، بەڵام هەندێ زمانەوان بەجیا باسیانکردوە و وەک چەمکی جیاواز سەیریان کردوە[1]، ئێمە زاراوەی بنکە[2] بەکاردەهێنین. بەمەبەستی زیاتر ئاشنابون بە چەمکی بنکە بەدەر لە زمانەوانی هەوڵدەدەین لە زانستی تر رونی بکەینەوە. وەک:

لە زانستی بیرکاریدا بنکەی ژمارەکان بریتییە لە ژمارە بنچینەییەکان، کە ئێمە لە سیستەمی ژماردنەکانماندا بەکاریاندەهێنین، باوترین ژمارەی بنچینەیی بریتین لە (١٠) ژمارە، واتە لە (٠- ٩)، چونکە هەر ژمارەیەک وەربگرین لەم کۆمەڵە ژمارەیە پێکهاتوە[3]، واتە ئەم ژمارانە بنکەن بۆ دروستبونی هەمو ژمارەکانی تر. جۆرێکی تری بنکە لە بیرکاریدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە هەمو ژمارەکان دەشێت ببن بە بنکە، وەک ئەوەی لە هێزەکاندا بەرچاودەکەوێت، کە (بنکە و توان) دەگرێتەوە، هەمیشە توان دەکەوێتە سەر بنکە، وەک (٦[4])، شەش بنکەیە و چوار توانە. لە ئەنجامی ئەم یاسایەش ژمارەکی تر بەرهەمدێت. هەروەها لە ئەندازە و جەبرەکانیشدا بەبەشی خوارەوەی سێگۆشە دەگوترێت بنکە.

هەروەها لە زمانەوانی و بەدیاریکراوی لە ڕستەسازیدا "کار بە بنکە و گلێنەی ڕستە دادەنرێت"(شێرکۆ بابان، ٢٠٠٨، ١١٨)، چونکە بەبێ کار ڕستە پێکنایەت.

هەروەها لە مۆرفۆلۆژیشدا، بنکە کەرەستەی سەرەکیی و بنەڕەتییە، لەڕۆنانی وشە و فۆرمە وشەکاندا، واتە ئەو بەشەی وشەیە، کە دەبێتە بنکە لە پێکهاتەیەکی گەورەتر لەخۆی. زۆرن ئەو پێناسانەی، کە بۆ بنکە کراون، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لەو پێناسانە بەرچاو بخەین، و گەنگەشەی پێناسەکان بکەین و بیروبۆچونی خۆمانیان لەبارەوە بخەینەڕو.

بنکە "ئەو وشەیەیە، کە مۆرفیمە ڕێزمانی و داڕشتنەکانی لێدەکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە پێیدەڵێن بنکە" (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١٥، ٣١)، بەم پێیە بنکە وشەیەکی سادەیە، کە ئەمەش لەگەڵ زۆرێک لە بنکەکان ناگونجێت، چونکە دەشێت بنکە وشە نەبێت و مەرج نییە گیرەکی پێوەبێت. هەروەها دەگوترێت "ئەو مۆڕفیمەیە، کە بەدەست دێت دوای لێکردنەوەی هەمو گیرەکەکان، واتە دەبێت مۆرفیمە ڕێزمانی و داڕشتنەکانی لێبکرێتەوە"(نیسار فەتاح، ٢٠١٥، ٦٢)؛ (شەهاب تەیب، ٢٠١٤، ١٠٦)؛ (یوسف شەریف"ب"، ٢٠١٣، ٩) ئەم پێناسانەش بەهەمان شێوەی پێناسەکەی پێشتر پێیان وایە، کە نابێت بنکە گیرەکی پێوەبێت، کە ئەمەش مەرج نییە و دەکرێت بنکە گیرەکی تێدابێت، هەروەها ئاماژە بەبونی بنکەی ناسادە ناکات و بەم پێیە تەنها ڕەگ بەبنکە ئەژمارکراوە، چونکە پێناسەکەیان زیاتر بۆ ڕەگ دەگونجێت، هەروەها کاتامبا پێی وایە، (ئەو یەکەیەیە، کە دەتوانرێت هەردو جۆرەکەی گیرەکی بۆ زیادبکرێت)(Katamba,1993, 45)، بەواتایەکی تر (ئەو بەشەی وشەیە، کە گیرەکی بچێتە سەر، یان هەر کردەیەکی مۆرفۆلۆژیی بەسەردا بێت)(ابراهیم بدخشان، ١٣٨٩، ٣٧)، لە ڕوانگەی کاتەمبا و بەدخشانەوە بنکە یەکەیەکە، کە دەتوانرێت گیرەکی گەردانی و گیرەکی وشەداڕێژ وەربگرێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە هەریەک لەم پێناسانەی سەرەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان کەموکوڕییان هەیە و بەتەواوی لەگەڵ چەمکی بنکەدا یەکناگرنەوە و هەریەکەیان لایەنێکی گرنگی ئەم یەکە زمانیانەیان لەبەرچاونەگرتوە و ئاماژەیان پێنەداوە. شەقاقی لەبارەی بنکەوە پێی وایە "مۆرفیمێک یان وشەیەکی سادە، ناسادە یان بەند، کە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

لەگەڵ مۆرفیمێک یان وشەیەکی تر لە دارشتندا بەشداری دەکات، وشەیەک یان فۆرمێکی تر دروست دەکات، پێیدەوترێت بنکە"(ویدا شقاقی، ١٣٨٧، ١٣٧)، بەم پێیە بنکە دەشێت سەربەخۆ یان بەند سادە یان ناسادە بێت، هەروەها لەگەڵ مۆرفیمێک یان وشەیەکی تر یەکبگرێت و وشەیەک یان فۆرمە وشەیەکی نوێ ڕۆبنێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە بە چەند شێوەیەکی جیاواز پێناسەی بنکە کراوە[٤].

بەپێی بیروبۆچونی توێژەر هەر یەکەیەکی زمانی سەربەخۆ جا سادە بێ یان ناسادە، یان بەند توانای وەرگرتنی گیرەکی دارشتن یان ڕێزمانی یاخود بنکەیەکی تری هەبێت و واتایەکی نوێ یان فۆرمێکی نوێ دروست بکات بنکەیە، بەواتایەکی تر هەمو ئەو ڕەگ و قەدانە بنکەن، کە ئامادەن بۆ وەرگرتنی گیرەکی ڕێزمانی یان گیرەکی وشەدارِێژ. بەگشتی "ڕەگ و قەد لەژێر کۆمەڵەی بنکەدان"(ابراهیم بدخشان، 1389، 37) واتە ڕەگ و قەد ڕۆڵی بنکە دەبینن لە ڕۆنانی وشە و فۆرمە وشەی نوێدا. لە هەندێک زمانی وەک لاتینی بنکە هیچ کاتێک بە تەنهایی نایەت[٥]، هەروەها بەشێک لە بنکەکان دەتوانن لە چەند مۆرفیمێک پێکبێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەشێت بنکە سەربەخۆ یان بەند بێت.

## ١ـ ٢: تایبەتییەکانی بنکە:


بنکە چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکیی هەیە[٦]، لەوانە:

1. بە زۆری وشەیەکی فەرهەنگییە، کە ئەمەش هەمو وشە سەربەخۆکانی وەک (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ژمارە) دەگرێتەوە، کە ڕۆڵی بنکە ببینن لە ڕۆنانی وشەی نوێدا، هەروەها دەکرێت مۆرفیمێکی بەند و ناسەربەخۆ بێت، کە ئەمەش بنکەی کاری و ناکاری دەگرێتەوە.
2. بنکە دەبێتە بناغە بۆ پێکهێنانی وشەیەک، یان دروستکردنی فۆرمە وشەیەکی نوێ. بۆ نمونە مۆرفیمی /زان/ لە هەریەک لە وشەکانی (زانا، زانیار، نەزان، لێزان و زانیاری) ڕۆڵی بنکە دەبینێت.
3. بنکە بەهۆی گیرەکەکانەوە، کە هەر جارەی بە زیادکردنی گیرەکێکی وشەدارِێژ لەسەر بنکە لە چوارچێوەی یاسا مۆرفۆلۆژیی و واتاییەکانی زمان وشەیەکی نوێ پێکدەهێنێت، هەروەها لەڕێگەی یەکگرتنی لەگەڵ بنکە و وشەی تر وشەی نوێ ڕۆدەنێت.
4. بنکە هەریەک لە نیشانە ڕێزمانییەکانی وەک (ناسراوی، نەناسراوی، کات، کۆ، پلەکانی ئاوەڵناوی) وەردەگرێت و فۆرمە وشەی نوێ ڕۆدەنێت.

## ١ـ٣: جۆرەکانی بنکە:

بنکەکان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پۆلێندەکرێن و چەند جۆرێکیان هەیە، ئێمە لەڕوی دەرکەوتنەوە ئاماژەیان پێدەکەین، کە دەشێت بنکە سەربەخۆ یان بەند بێت، بەشێوەیەکی گشتی بنکە بۆ دو جۆری سەرەکی دابەشدەکەین، وەک لە هێڵکاری ژمارە (1)دا خراوەتەڕو، دواتر لە هەریەک لە جۆرەکانی بنکە دەدوێن:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25



هێڵكاری ژمارە (١) **خستنەرِووی جۆرەكانی بنكە بە هێڵكاری**

### ١ـ٣ـ١: بنكەی سەربەخۆ:

بەهەمو ئەو وشە و مۆرفیمانە دەگوترێت، كە بەشێوەیەكی سەربەخۆ بەكاردەهێنرێن و واتا و فۆرمێكی سەربەخۆ و تەواویان هەیە، لە پێكهێنان و دارِشتنی وشەدا رِۆڵی سەرەكیی و بنەرِەتیی دەبینن. بەواتایەكی تر "بنكەیەكە، كە بە شێوەی وشەی سەربەخۆ لە دارِشتندا بەكاردێت"(ویدا شقاقی، 1394، 36). ئەم جۆرە بنكەیە لەرِوی رِۆنانەوە بەسەر دو جۆردا دابەش دەبێت، ئەوانیش بنكەی سادە و بنكەی ناسادەن.

### ١. ٣. ١. ١: بنكەی سادە:

هەمو ئەو وشە سادانەی، كە مۆرفیمی فەرهەنگین و لە فەرهەنگی زماندا تۆماركراون، وەك بەشە ئاخاوتنەكانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكار، كار،...) دەگرێتەوە. لە زمانانی تری وەك ئینگلیزی كاریش بنكەی سادەیە، بەڵام لە زمانی كوردیدا كار بنكەی سادەی سەربەخۆ نییە، لەبەرئەوەی "كاری سادە لە كوردیدا نییە"(محەمەد مەعرِوف، 2010، 244)، چونكە سادەترین كار بریتییە لە رِەگی كار و مۆرفیمی كات و گیرەكە گەردانییەكان. ئاشكرایە "هەمو رِەگەكان بنكەن"(Katamba,1993, 45)، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی (رِەگی كاری رِانەبردو) لەكوردیدا سەربەخۆ نییە، بۆیە ناچێتە ژێر پۆلی ئەم جۆرە بنكەیەوە، چونكە سەربەخۆنییە. لێرەدا تەنها مەبەستمان رِەگە سەربەخۆ سادەكانن، كە لە زمانی كوردیدا كەتیگۆرییە سادەكانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكار، ژمارە) دەگرێتەوە، كە لە رِۆنانی وشە و فۆرمە وشەی گەورەتر لە خۆیان رِۆڵی بنكە دەبینن، وەك لەم وشانەی خوارەوەدا بەدیاردەكەوێت:

نان ←——— نانەوا، نانكەر، ناندێن، نەنەكە،

جوان ←——— جوانی، جوانپەرست، جوانێك،..

وەك لەم وشانەی سەرەوە بەدیاردەكەوێت وشە سادەكانی (نان، جوان) بنكەن لە وشە و فۆرمە وشەكانی بەرانبەریان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

### ١. ٣. ١. ٢: بنكەی ناسادە:

لەبەرئەوەی بنكە دەشێت، "زیاتر بێت لە مۆرفیمێک"(ڕەفیق شوانی، 2014، 178) یاخود "وشەیەکی لێکدراوبێت" (Bauer,2004, 32)، بەم پێیە بنكە دارِێژراو یان لێكدراو دەبێت و دەبێتە بەشێكی سەرەكی و بنەڕەتی لە پێكهاتەی وشەدا. بەواتایەكی تر "بنكە دەشێت فرە مۆرفیم و ئاڵۆز بێت (محەمەدی مەحویی، 2010، 13)، كەواتە بنكەی ناسادە دەشێت (دارِێژراو، لێكدراو، ئاڵۆز) بێت. وەک:

### یەكەم: بنكەی دارِێژراو:

ئەم جۆرە بنكەیە لە بنكەیەک و پێشگرێک یان پاشگرێک پێكدێت و ڕۆڵی سەرەكیی دەبینێت لە دارشتن و ڕۆنانی وشە و فۆرمە وشەیەكی نوێدا دەبینێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا بەدیاردەكەوێت.

زانا ⟵ زانایی، بەزانایی، زاناتر...

ناپاک ⟵ ناپاكی، ناپاكانە، ناپاكەكە...

دیارە كە هەریەک لە وشە (بنكە)كانی (زانا، ناپاک) سادەنین، بەڵكو دارِێژراون، كە لە بنكەیەكی سادە و گیرەكێک پێكهاتون و لە وشە و فۆرمە وشەكانی بەرانبەریاندا ڕۆڵی بنكە دەبینن.

### دوەم: بنكەی لێكدراو:

جۆرێكی تری بنكەیە، كە لەدو بنكە یان دو ڕەگ پێكهاتوە و لە دروستبونی وشە و فۆرمە وشەی نوێدا ڕۆڵی بنكە دەبینێت. وەک لەم وشانەی خوارەوەدا بەرچاودەكەوێت.

دڵسۆز ⟵ دڵسۆزی، دڵسۆزانە، دڵسۆزتر...

پیاوكوژ ⟵ پیاوكوژی، پیاوكوژەكە...

ئاشكرایە هەریەكە لە وشە (بنكە)كانی (دڵسۆز، پیاوكوژ) بنكە/ وشەی لێكدراون و دەبن بەبنكە لە ڕۆنانی وشە و فۆرمە وشەی نوێدا.

### سێیەم: بنكەی ئاڵۆز:

بەم جۆرە بنكەیە دەگوترێت، كە فرەمۆرفیم بێت، واتە زیاتر لە چەند مۆرفیمێک بەشدارییان لە ڕۆنانیدا كردبێت. وەک لەم وشانەی خوارەوەدا بەرچاودەكەوێت.

نابەرپرس ⟵ نابەرپرسانە، نابەرپرسانەتر، نابەرپرسەكان...

نادادگەر ⟵ نادادگەری، نادادگەرییانە...

وشەی نابەرپرس، كە لە (پێشگر+ ئاوەڵكار+ ڕەگ) پێكهاتوە، بنكەیەكی ئاڵۆزە، ئەم بنكە ئاڵۆزەش دەبێت بە بنكە بۆ وشە و فۆرمە وشەی وەک وشەكانی بەرانبەریان. یاخود وشەی نادادگەر كە وشەیەكی ئاڵۆزە و لە چەند مۆرفیمێكی وەک (نا، داد، گەر) پێكهاتوە، ئەم پێكهاتوەش بەشداری لە ڕۆنان و دروستكردنی وشە و فۆرمەی وشەی تازەتری وەک وشەكانی بەرانبەریدا دەكات. كەواتە هەر یەک لەم بنكانەی سەرەوە دەتوانێت ببێت بە بنكە بۆ ڕۆنان و پێكهێنانی وشەیەک یان چەند وشەیەكی تر یاخود فۆرمێكی تازە. كەواتە كاتێک ڕەگ


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

دەبێت بە بنکە بۆ وشەیەکی نوێ، یان فۆڕمە وشەیەک، ئەوا ئەو وشە نوێیە یان فۆڕمە وشەیەش دەتوانێت ببێت بە بنکە بۆ وشەیەکی تر یان فۆڕمە وشەیەکی تر. بەواتایەکی تر هەر وشەیەک یان فۆڕمە وشەیەک توانی ببێتە بناغە/ بنکە بۆ وەرگرتنی گیرەکێک ئەوا دەبێتە بنکە لە وشە یان فۆڕمە وشە تازەکەدا.

## ١. ٣-٢: بنکەی بەند:

ئەم جۆرە بنکەیە، (مۆرفیمێکی بەندە، ناتوانێت بە تەنها بەکاربێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم مۆرفیمە گیرەک نییە، بەڵام بەتەنها بەکارنایەت(ویدا شقاقی، 1394، 36)، واتە بنکەی بەند سەرەڕای ئەوەی گیرەک نییە، بەڵام بە تەنهایی بەکارنایەت و بۆ تەواوکردنی ماناکەی پێویستی بە کەرەسەیەکی تر هەیە. بەواتایەکی تر (بچوکترین یەکەی کارایە و دابەش نابێت بۆ یەکەی بچوکتر، هەمو کات ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مۆرفیمە بەندە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان)(سلێمان ئیسماعیل، 2006، 23)، واتە ئەم جۆرە مۆرفیمە بەهۆی یەککگرتنی لەگەڵ گیرەکە فەرهەنگیی و ئەرکییەکان، یان لەگەڵ بنکەیەکی تردا لە پێکهێنانی وشەیەکی نوێ یان فۆرمێکی نوێدا بەشداری دەکات و ڕۆڵی بنکە دەبینێت. واتە بەیاریدەی گیرەکێک یان زیاتر یاخود بنکەیەکی تر، لە ڕۆنان و پێکهێنانی وشە و فۆرمە وشەی نوێدا بەشداریدەکات. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی بەمۆرفیمی بەندی بنکە دەوڵەمەندە. واتە ئەگەر وشە فەرهەنگییەکانی زمانەکەمان بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی دابەشبکەین ئەوا زۆرن ئەو وشانەی مۆرفیمی بەندی بنکە لە ڕۆنانیاندا بەشداریدەکات. دەتوانین مۆرفیمی بەندی بنکە لە ڕوانگەی ئەوەی، کە ئایا سەر بە کەتیگۆری کارە، یان کەتیگۆرییەکی تر بەسەر دو جۆر مۆرفیمی بەندی بنکەی کاری و ناکاریدا دابەشبکەین.

## ١. ٤: جیاوازیی نێوان مۆرفیمی بەندی (بنکە) و گیرەک[٧]:

لەبەرئەوەی هەریەکە لە مۆرفیمی بەندی بنکە و گیرەکە فەرهەنگییەکان جۆرێکن لە مۆرفیمی بەند و بەشێکی ناسەربەخۆن لە وشەدا، هیچ کات بەتەنهایی لە ڕستە و ئاخاوتندا بەکارناهێنرێن و هەم گیرەک هەم بنکەی بەند ناتوانرێت پارچە پارچە بکرێت، بەڵام ڕۆڵ لە دروستکردنی وشەی تازەدا دەبینن، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بەلایەنی جیاوازیی نێوان ئەم دو مۆرفیمە بەندە بکەین:

١. بنکەی بەند بەشێکی سەرەکییە لە وشەدا و بنکەیە بۆ گیرەکەکان، کە بەشێوەی پێشگر و پاشگر و ناوەندگیر دەچنە سەر بنکەکان بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ.

٢. لە ڕوی ژمارەوە پۆلی بنکە گەورەتر (فراوانتر)ە، بە بەراورد بە گیرەکەکان، واتە ژمارەی بنکەکان زیاترن لە گیرەکە فەرهەنگییەکان، چونکە (ژمارەی گیرەک لەهەر زمانێکدا سنوردار/ داخراوە)(وریا عومەر، ٢٠٠٩، ٣٦٥). کەواتە مۆرفیمی بەندی بنکە ژمارەیان دیاریکراو نییە، بەڵام گیرەکەکان ژمارەیان دیاریکراوە.

٣. لەڕوی هەبونەوە، بنکەی بەند توخمێکی ناچارییە، بەڵام گیرەکەکان توخمێکی سەرپشکین (Tokar,2011:51)، بەواتایەکی تر بنکەی بەند لە وشەدا ناتوانرێت لاببرێت، چونکە واتای سەرەکیی وشەکەی هەڵگرتوە، بەڵام گیرەکەکان توخمێکی ئارەزومەندانەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

٤. گیرەکەکان لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە دەنگێکی زیادەن و لەڕوی سیمانتیکییەوە هەڵگری چەمکێکی واتاین لەسەر بنکەکان(Liber, 2009, 35)، بەڵام بنکەی بەند لەڕوی سیمانتیکییەوە بەگشتی واتای سەرەکی وشەکە هەڵدەگرێت.

٥. هەمو بنکە بەندەکان لە بنەڕەتدا واتایەکی جیاوازییان هەیە، بەبەراود بە گیرەکەکان (Liber,2009,34). واتە دەشێت چەند گیرەکێک هەڵگری یەک چەمکی واتایی بن، بەڵام لە بنکەی بەندا ئەمە بەرچاو ناکەوێت.

٦. لەڕوی فۆرمەوە بەشێوەیەکی گشتی "گیرەکەکان کورتترن لە بنکەکان"(Tokar,2011, 51)، واتە بنکەی بەند لە گیرەک درێژترە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری مۆرفیمی بەندی بنکە و گیرەک بکەین، دەبینین فۆرم (شێوە) و ژمارەی فۆنێمەکانی مۆرفیمی بەندی بنکە لە گیرەکە فەرهەنگییەکان درێژتر و زیاترن.

٧. لەڕوی هەڵبژاردنی بنکەکانەوە گیرەکەکان ئازادترن بە بەراورد بە بنکە بەندەکان (Liber,2009,34). بۆ نمونە ژمارەیەکی زۆری ئاوەڵناوەکان دەتوانن بە زیادکردنی پێشگری (_نە، _نا) ببن بەنەرێ، بەڵام لەبەرانبەردا ژمارەیەکی کەمی بنکەی بەند لەگەڵ یەک گیرەکدا هەڵدەکەن، واتە بنکەی بەند زۆر ئازاد نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بنکەی بەند بەبەراورد بە گیرەکەکان کەم بەرهەمترن.

٨. گیرەکە فەرهەنگییەکان سەرەڕای ئەوەی یاریدەی ڕۆنان و پێکهێنانی وشە دەدەن، بەڵام خۆیان نابنە پێکهاتەی بنەڕەتیی پێکهاتەکە(نیسار فەتاح، ٢٠١٥، ٦٥)، بەڵام بنکەی بەند لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی دارشتن و پێکهێنانی وشەکە دەبینێت، دەبێتە بەشێکی سەرەکیی و بنەڕەتیی لە وشەکەدا.

٩. یەکێکی تر لە خاڵە جیاواز و جیاکەرەوەکانی نێوان ئەم دو مۆرفیمە بەندە ئەوەیە، کە هاتنی دو گیرەک بەدوای یەکتردا ناتوانن وشە دروست بکەن (Haspelmath,2010:52)، بەڵام هاتنی دو بنکەی بەند دەتوانن وشەیەکی نوێ بە واتا و فۆرمێکی نوێوە دروست بکەن.

## ١. ٥: جۆرەکانی مۆرفیمی بەندی بنکە:

بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیمی بەندی بنکە وەک لە لە هێڵکاریی ژمارە (1)دا، خراوەتەڕو، بۆ دو جۆر بنکەی سەرەکی دابەشدەکەین، کە ئەمانەن:

### ١-٥-١: مۆرفیمی بەندی بنکەی کاری (Bound root):

ئەم جۆرە مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەیەکی زۆر هەیە، دەکرێت بگوترێت هەمو ڕەگی کارە سادەکان لەخۆدەگرێت. ڕەگی کاریش "ئەو مۆرفیمە بەندە تەوەرەییەیە، کە گۆڕانکارییەک دەردەخات و ناوی ئەو ڕوداوەیە، کە بەسەر توخمەکەدا دێ"(عەبدوڵڵا حوسێن، ٢٠١٥، ١٦)، هەروەها ڕەگی کار "هەرگیز وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، ئەگەر دەرکەوت وەک ڕەگی کار ڕەفتار ناکات"(هەمان سەرچاوە، ١٢٢)، واتە ڕەگی کار هەمیشە مۆرفیمێکی بەندە، ئەگەر بەتەنها دەرکەوت وەک هەندێ فۆرمە وشەی وەک (دز، ترس، خەو،..)، ئەم جۆرە وشانە، کە لە فۆرمدا لە چەشنی ڕەگەکانن، بەڵام کە بە تەنها بەکاردێن، دەبن بە ئەندامێک لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەک (ناو و ئاوەڵناو..)، بە واتایەکی تر (ڕەگی ڕانەبردوی کار، مۆرفیمی بەندە، هەر ئەو


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

ڕەگانەش دەبن بە بنکە بۆ وەرگرتنی گیرەکەکان(سەباح ڕەشید، ٢٠٠٠، ٥٤)؛ (شێرکۆ حەمە ٢٠٠٢، ٢٢). ئاشکرایە "ڕەگی کار کرۆکی کردارە و هەڵگری واتا و داواکارییە سیمانتیکیی و ڕێزمانییەکانیەتی"(ئاریان سدیق، ٢٠٢٠، ٦١)، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم مۆرفیمە بەندە، پێیدەوترێت ڕەگی بەند، "ڕەگی بەندیش ئەو مۆرفیمەیە، کە لەگەڵ مۆرفیمێکی تر لە وشەدا بەکاردێت"(عەلی بەهرامی، ٢٠٠٤، ٧١)، واتە بە تەنها بەکارنایەت و پێویستی بە کەرەسەیەکی تر هەیە بۆ گەیاندنی واتا و مەبەست.

لە زمانی کوردیدا هەمو ڕەگێکی ڕانەبردوی کاری بنەڕەتی بنکەی بەندە و ڕۆڵی بنکە دەبینێت لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا. بۆ نمونە بنکەی بەندی (نوس، توان، زان،..) دەبن بە بنکە بۆ وشە و فۆرمە وشەکانی (نوسەر، توانا، زانا،..)، کەواتە ئەم جۆرە بنکەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارنایەت، بەڵکو بەهۆی یەکگرتنی لەگەڵ گیرەکێک یان مۆرفیمێکی تر وشەیەکی نوێ یان فۆرمە وشەیەکی نوێ دروستدەکات.

## ١-٥-٢: مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری (Bound base):

یەکێکی تر لەو بنکە بەندانەی ڕۆڵی لە ڕۆنان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە بنکەی ناکارییە. لەبارەی ئەو جۆرە بنکەیەوە، زمانەوانان ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان ئەم مۆرفیمە بەندە بە وشەی سەربەخۆی وەک ناو، یان وشەی بێ واتا[٨] ئاماژەی پێدەکەن، هەندێکی تریان وەک گیرەک مامەڵەیان لەگەڵدا کردوە[٩]. ئێمە زاراوەی بنکەی ناکارییان بۆ بەکاردەهێنین، چونکە ئەمجۆرە مۆرفیمە مۆرفیمێکی بەندە و لە ڕۆنانی وشەی نوێدا ڕۆڵی بنکە دەبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجۆرە مۆرفیمانە نابنە بنکە بۆ ڕۆنانی کار (کاری بنەڕەتی).

ئاشکرایە زمانیش وەک هەر دیاردەیەکی تر بەپێی تێپەڕبونی کات و سەردەم گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بۆچونانەی پێیان وایە گیرەکەکان لە بنەڕەتدا وشە بون، دەشێت بڵێین ئەو جۆرە مۆرفیمانەش لە بنەڕەتدا وشەیەکی سەربەخۆ و واتاداربون، بەڵام بەتێپەڕبونی کات واتا و سەربەخۆییان لە دەستداوە، واتە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەکارهێنان و واتای سەربەخۆیان نییە، لەگەڵ ئەوەی هەڵگری چەمکێکی واتاین و ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ڕۆنانی ئەو وشە ناسادانەی بەشداری تێدا دەکەن. بەڵام مۆرفۆلۆژی مامەڵە لەگەڵ ئەمڕۆیی کەرەستەکاندا دەکات، نەک ڕابردو و داهاتو.

مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری (ئەو مۆرفیمانەن، کە بەتەنها بەکارنایەن، بەڵام پێشگر و پاشگر نین)(Liber,2009, 198)، واتە لەگەڵ ئەوەی گیرەک نییە، بەڵام مۆرفیمێکی بەندە و بەکارهێنانێکی سەربەخۆی نییە، کەچی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆنانی وشەی نوێدا دەبینێت. بە واتایەکی تر مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە بە تەنهایی هیچ واتایەکیان نییە و وەک وشەیەک یان بنکەیەکی سەربەخۆ لە فەرهەنگی زماندا بەدیناکرێن، بەڵام دوای یەکگرتنیان لەگەڵ گیرەکێک یان زیاتری فەرهەنگی یاخود بنکەیەکی تردا دەبن بە وشەیەکی فەرهەنگی واتادار.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا (ceive) لە وشەکانی ((Receive, perceive, conceive, deceive)، (Mit) لەوشەکانی (Remit, Permit, Commit, Submit, Transmit, Admit) مۆڕفیمی بەندی بنکەن، هەرچەندە بۆ قسەرەکە ڕەسەنەکانی لاتین ئەو مۆڕفیمانە مانایەکی ڕونیان هەبوە، بەڵام بۆ قسەرەکە نوێیەکانی ئینگلیز مۆڕفیمە لاتینییەکانی وەک (Ceive, Mit) مانایەکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو مانایان پەیوەستە بەو وشانەی تیایدا بەشداریدەکەن (ARISTOPHANES, 2013, 11). یاخود لە وشەی (Reject) ئەگەر پێشگری (Re) لابدەین ئەوەی دەمێنێتەوە بنکەیەکی بەندە و هیچ واتایەکی نییە. کەواتە ئەو مۆڕفیمانە بەکارهێنان و واتایەکی سەربەخۆیان نییە، بەڵام هەڵگری چەمکی واتایین و لە ڕۆنانی وشەی ئاڵۆز و ناسادەدا ڕۆڵ دەبینن. لە زمانی کوردیشدا چەند مۆڕفیمێکمان هەیە، کە لە ئەمڕۆی زمانەکەماندا بەسەربەخۆیی بەکارناهێنرێن، بەڵام ڕۆڵیان لە پێکهێنان و دارِشتنی وشە و زاراوەی نوێدا هەیە. هەرچەندە هەندێک لەو بنکانە لە ژمارەیەکی کەمی وشەدا بەشداریدەکەن و زۆر سنوردارن، کە تەنها لە وشەیەک یان چەند وشەیەکی کەمدا دوبارەدەبنەوە[١٠] ئەمەش شتێکی ئاساییە. بۆ نمونە لە ئینگلیزیدا (cran, buckle, gorm) تەنها لە وشەکانی ( Cranberry, Buckleberry, Gormless) بەرچاودەکەوێت. کەواتە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین لە زمانی کوردیدا ئەو وشە ئاڵۆز و ناسادانە شیبکەینەوە، کە بنکەی وشەکە مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکارییە. وەک:

فرێ+ دان ⟵ فرێدان

خۆ+ فرۆشتن ⟵ خۆفرۆشتن...

واز+ هێنان ⟵ وازهێنان،...

بەشی یەکەم لە هەریەک لەم وشانەی سەرەوە مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکارییە.

### ١-٥-٢-١: تایبەتییەکانی مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری:

١. پۆلێک مۆڕفیمی بەندن، هیچ کات بە تەنهایی و بە سەربەخۆیی بەکارناهێندرێن.
٢. ئەگەرچی لە ڕۆنانی ئاوەڵناویش بەشداریدەکەن، بەڵام لە ڕۆنانی ناودا بەبەرهەمتر و چالاکترن.
٣. بە هۆیانەوە وشە و زاراوەی نوێ پێکدێت، کە ئەمەش یەکێکە لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ.
٤. ئەمجۆرە مۆڕفیمانە نابنە بنکە بۆ ڕۆنانی کار (کاری بنەڕەتی)، بەڵکو تەنها لە ناوی کار (ڕوداو) و ئاوەڵناودا بەشداریدەکەن.
٥. لەڕوی واتاییەوە: هەڵگری چەمکێکی واتایین، بەڵام واتاکەیان لە وشەی ناسادەدا دەردەکەوێت.
٦. کارکردنی ئەمجۆرە بنکەیە، زیاتر لەگەڵ گیرەکە وشەدارێژەکان و بنکەیەکی ترە، نەک گیرەکە ڕێزمانییەکان، واتە پێش وەرگرتن یان یەککگرتنی لەگەڵ ئەمان گیرەکی ڕێزمانی وەرناگرێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

## بەشی دووەم: ڕۆڵی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی وشەی زمانی کوردیدا:

مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی وشەی زمانی کوردیدا بەشداریدەکات، لێرە هەوڵدەدەین ڕۆڵی ئەو مۆرفیمە بخەینەڕو، بۆ ئەو مەبەستەش وشەکان بەپێی دەرکردەکانیان و جۆی پێکهاتن و یاسای پێکهاتنیان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەکەین، کە بۆ هەر یاسایەک نمونەیەک دەنوسین و لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ڕێژە و بەرهەمی ئەمجۆرە مۆرفیمە بە ئامار و هێڵکاری (چارت) دەخەینەڕو.

### ٢-١ وشەی داڕێژراو:

ئەم جۆرە وشەیە دەرکردەی پرۆسەی دارشتنە، ئەم پرۆسەیە وا پێناسەکراوە کە "لە وشەیەکی سەربەخۆ و زیادییەکی ئەوتۆ پێکهاتبێ، کە بە سەربەخۆیی واتا نابەخشێت"(مەسعود محەمەد، ٢٠١٦، ٢٩)، بەڵام ئەمجۆرە پێناسەیە لەگەڵ زۆرێک لە وشە داڕێژراوەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت، چونکە زۆر وشەی داڕێژراومان هەیە، کە وشەی سادە لە پێکهاتەکەیاندا نییە، هەروەها زیادییەکەش پێویستە گیرەکی وشەداڕێژ بێت، نەک هەمو زیادییەک، یاخود دەگوترێت (ئەو وشانەی لە یەک بنکەی کاری یان ناکاری و پێشگرێک یان پاشگرێک پێکدێن، پێیان دەگوترێت وشەی داڕێژراو)(مهدی مشکوة، ١٣٨٦، ٢٠٠)، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە وشەی داڕێژراودا هەم پێشگر هەمیش پاشگر هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی هەمو ئەگەرەکانی ڕۆنانی وشەکە دەشێت بڵێین:

وشەی داڕێژراو: ئەو وشەیەیە، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی بنکەیەکی سادەی سەربەخۆ یان بەندی (کاری/ ناکاری) لەگەڵ پێشگرێک یان زیاتر یاخود پاشگرێک یان زیاتر یان پێشگر و پاشگر بەیەکەوە بەرهەمدێت. کەواتە مەرج نییە بنکەی وشە داڕێژراوەکە وشەیەکی سادە بێت، بەڵکو زۆرجار دەشێت بنکەیەک بێت، کە بەتەنهایی و بە سەربەخۆیی بەکارنەهێنرێت، ئەم جۆرە وشانەش کەرەسەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەن. کەواتە ئێمە تەنها ئەو وشانە دەخەینەڕو، کە مۆرفیمی بەندی بنکە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆنانیاندا دەبینێت. یاسای گشتیی وشەی داڕێژراو بریتییە لە (بنکە+ گیرەک°)، واتە لە بنکەیەک و یرەکێک یان زیاتر پێکدێت، ئەگەر یاساکە وردتر بکەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

- پێشگر° + بنکە ، وەک:

١. نە_+ زان

- بنکە+ پاشگر° ، وەک:

٢. زان+ _ا

پێشگر° + بنکە+ پاشگر°، وەک: (نە_+ زان+ _ی)

وشە داڕێژراوەکانیش بەپێی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبن، کە ئەمانەن:

#### ٢-١-١: ناوی داڕێژراو:

ناو بەیەکێک لە گرنگترین کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان دادەنرێت، چونکە بەشدارییەکی چالاکی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا هەیە. لەڕوی پێکهاتەوە (سادە، داڕێژراو و لێکدراو)ە. ناوی داڕێژراویش وەک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

جۆرێک لە وشەی داڕێژراو وا پێناسەکراوە، کە "ئەو ناوە ناسادەیەیە، کە لە وشەیەکی سادە و زیادییەک پێکهاتبێت، ئەوجا زیادییەکە پێشگر یان پاشگر یان هەردو (پێشگر و پاشگر) پێکەوەبن" (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٠٦)، یان دەگوترێت لە "مۆرفیمێکی ئازاد و مۆرفیمێکی بەند پێکهاتوە"(یوسف شەریف"ب"، ٢٠١٣، ٢٠)، لەڕوانگەی ئەمجۆرە پێناسانەوە مۆرفیمی بەندی بنکە فەرامۆشکراوە، یاخود وەک مۆرفیمێکی ئازاد و وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە ئەمەش لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە دروست نییە.

سەبارەت بە ناوی داڕێژراو دەشێت بڵێین: ناوێکە، بەهۆی یەکگرتنی بنکەیەکی سادەی سەربەخۆ یان بەندی (کاری/ ناکاری) لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان پێشگر و پاشگر بەیەکەوە بەرهەمدێت. لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراودا "پاشگر دەورێکی چالاک دەبینێت"(ئەورەحمان حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٤)، واتە لەگەڵ ئەوەی پێشگرەکانیش بەشداری ڕۆنانی ناوی داڕێژراو دەکەن، بەڵام پاشگرەکان چالاکتر و بەبەرهەمترن بە بەراورد بە پێشگرەکان. ناوی داڕێژراو، کە لە بنکەیەک و پێشگرێک یان پاشگرێک یاخود هەردو پێشگر و پاشگر پێکدێت، دەشێت بنکەکە لە (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، مۆرفیمی بەندی بنکە) پێکبێت، بە واتایەکی تر یاساکانی دروستبونی ناوی داڕێژراو زۆر و هەمەچەشنن، بەڵام لێرەدا تەنها ئەو ناوانە باسدەکرێن، کە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری ڕۆڵی سەرەکیی دەبینێت لە ڕۆنانیاندا، بەپێی ئەو دەرکردەیەی لە ئەنجامی تێکردەکان، کە (مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری و گیرەکەکان)ن بەرهەمدێن، ناوەکان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەکەین. وەک ئەمانەی خوارەوە:

### ٢-١-١-١: ناوی داڕێژراوی جێگا:

یەکێک لەو جۆرانەی ناو، کە بنکەکەی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکارییە ناوی شوێنە، "ئەو ناوانەن، کە شوێنی ڕودانی کردار لە ئیش و کارێکی تایبەتیدا دیاریدەکەن"(ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٨، ١٣٠). زۆرن ئەو گیرەک و بنکانەی بەشداری ڕۆنانی ناوی جێگا دەکەن، بەڵام لێرەدا تەنها مەبەست ئەو ناوانەن، کە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانیاندا ڕۆڵ دەبینێت، مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری، بەیاریدەدەرێتی پاشگری (گە/ گا) ناوی جێگا دروستدەکات. وەک:

١. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری+ گە/ گا

حەشار+ گە ⟵——— حەشارگە

### ٢-١-١-٢: ناوی داڕێژراوی ئامێر و کەلوپەل:

جۆرێکی تر لە ناوی داڕێژراو ناوی ئامێرە، ئەو ناوانە بۆ ئەو ئامێر و کەلوپەلانە بەکاردێن، کە مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی سودیان لێوەردەگرێت. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری بەیاریدەی گیرەکە فەرهەنگییەکان، کە لەشێوەی پێشگر و پاشگر دەردەکەون لە ڕۆنانی ناوی ئامێردا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، واتە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری بە یەکگرتنی لەگەڵ هەندێ پێشگر و پاشگردا ناوی ئامێر ڕۆدەنێت. وەک:

١. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری+ پاشگر

خاش+ اک ⟵——— خاشاک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

### ٢-١-١-٣: ناوی داڕێژراوی واتایی:

ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە لە جیهانی دەرەوەدا ئاماژەدەرمان بۆیان نییە، واتە تەنها لە بیروهۆشدا هەین. ئەبستراکت (بەخشینی واتای چەمکێکی نوێیە بە بنکە)(ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠١، ٣٧)، بەواتایەکی تر ناوی واتایی ئەو ناوانەن، کە واتای هێز و توانا و خاسیەت و جۆر و چالاکییان تێدا بەدیدەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا ناوی واتایی بەیاریدەتی پاشگرەکانی (یی، ایەتی، یەتی، ەتی، ێتی، انە، ایی، ندە، ست، ە، ش/ شت،...هتد) ڕۆدەنرێت، ڕادەی بەبەرهەمی هەر یەکێک لەو پاشگرانە جیاوازە، کاتێک دەچنە سەر بنکەیەکی تر. ئەوەی پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەیە ئەو ناوە واتاییانەن، کە لە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری و ئەو گیرەکانە پێکهاتون، کە هەڵگری چەمکی ئەبستراکتن و توانراوە فەرهەنگی زمانی کوردی بە وشەی واتایی دەوڵەمەند بکە، بنکەی ناکاری تەنها لەگەڵ (ـە)ی پاشگر دەتوانێت ناوی واتایی ڕۆبنێت. وەک:

١. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری+ ە

هاژ+ ە ← هاژە

### ٢-٢: وشەی لێکدراو:

ئەم جۆرە وشەیە دەرکردەی پرۆسەی لێکدانە، پێکهێنەرێکی سەرەکی فەرهەنگی زمانی کوردییە، ئەمەش بوە بە هۆکاری ئەوەی زۆرێک لە زمانەوانان و توێژەران لەبارەیەوە بنوسن و ئەم جۆرە وشەیە بناسێنن[١١]، زۆرن ئەو پێناسانەی بۆ وشەی لێکدراو کراون، لێرەدا مەبەست نییە هەمو ئەو پێناسانە بخرێنەڕو، ئەوەی پێویستە ئەوەیە، کە زۆربەی پێناسەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە "وشەی لێکدراو لە دو وشە یان لە دو وشە و زیاتر پێکهاتوە"[١٢]، بە واتایەکی تر "وشەیەکە، لە دو یان چەند مۆرفیمێکی ئازاد پێکدێت (غلام رضا، ٢٠١٨، ٨). لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەوە چەمکی لێکدراو بەشێوەیەک پێناسەکراوە، کە لەگەڵ چەمکی لێکرژاودا تێکەڵببێت، واتە سنوری هەردو وشەکە تێکەڵبوە، چونکە بونی دو وشە و زیادەیەک یان چەند مۆرفیمێکی ئازاد چەمکی لێکرژاو دەگەیەنێت، نەک لێکدراو. یەکێکی تر لەو پێناسانەی بۆ وشەی لێکدراو کراوە، ئەوەیە، کە "وشەی لێکدراو ئەو وشەیە، کە لانی کەم لە دو بنکە پێکهاتوە، کە هەردوکیان وشەن، یان لانی کەم مۆرفیمی ڕەگن"(Katamba,1993, 54). بەگشتی ئەم پێناسەیە، تاڕادەیەک گونجاوە بۆ وشەی لێکدراو، بەڵام بێ کەموکوڕی نییە، چونکە سەرەڕای دیاریکردنی لایەنی کەمیی پێکهاتەکەی، بەڵام لایەنی زۆریی پێکهاتەکەی دیارینەکردوە. هەروەها لەڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە ئەوە دەردەکەوێت، هەر وشەیەک لانی کەم دو بنکە لە پێکهاتەکەیدا هەبو، وشەی لێکدراوە. واتە ئەم پێناسەیە گشتگیر (جامع)ە، بەڵام ڕێگر (مانع) نییە، بەو واتایەی، کە هەمو یان زۆربەی وشە لێکدراوەکان لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وشانەش لەخۆدەگرێت، کە بە پرۆسەی لێکدان دروستنەبون، بەڵکو بە پرۆسەی لێکرشتن، تێکەڵکردن، دوبارەبونەوە دروستبون، وەک: (گوێراگر، زانکۆ، لەقلەق...)، چونکە هەریەک لەم نمونانە، دو بنکە لە ڕۆنانیاندا بەشدارە. دەشێت بڵێین لە هیچ کام لەو پێناسانەی بۆ وشەی لێکدراو کراون نەتوانراوە سنوری وشەکە بە تەواوی دیاریبکرێت. دەشێت یەکێک


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

لە هۆکارەکانی ئەوە بێت، کە (وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا لە چەند شێوەیەکی جیاوازدا دەبینرێت) (محەمەد مەعرووف، ٢٠١٠، ٢٧٥) و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک (جێگۆڕکێنەکردن، یەکپارچەیی، فرەبنکەیی، ...)ە، هەروەها وشەی لێکدراو پێویستە یەکە پێکهێنەرەکانی بەیەکەوە بەستراوبن، واتە لە شێوە و فۆڕمدا وەک یەک وشە دەربکەوێت.

بە بۆچونی ئێمە وشەی لێکدراو، ئەو وشەیەیە، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی دو مۆڕفیمی بنکەی سەربەخۆ یان دو مۆڕفیمی بنکەی بەند یاخود بنکەیەکی سەربەخۆ و بنکەیەکی بەند پێکدێت. بەم پێیە زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ وشەی لێکدراو کراون، دەچنە پۆلی وشەی لێکڕژاوەوە، چونکە بونی دو بنکە یان دو وشەی سەربەخۆ و زیادەیەک، کە گیرەکی وشەداڕێژن، وشەی لێکڕژاو بەرهەم دەهێنێت، نەک وشەی لێکدراو. بۆیە بە پێویستی دەزانین سنوری نێوان وشەی لێکدراو و وشەی لێکڕژاو جیابکرێتەوە و ئەو تێکەڵییەی کە هەیە، نەمێنێت. لێرەدا ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، ئەو وشە لێکدراوانەن، کە مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆنانیاندا دەبینێت. وشە لێکدراوەکانیش بەپێی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان بەسەر ئەم جۆرانەدا دابەشدەبن؛

### ٢-٢-١: ناوی لێکدراو:

ناوی لێکدراویش وەک جۆرێک لە وشەی لێکدراو وا باسکراوە، کە "ئەو ناوە ناسادەیەیە، کە وا بە لانی کەمەوە دو وشەی واتاداری تێدابێت"(ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٠٦)، بەڵام وەک پێشتر و لە وشەی لێکدراودا خرایەڕو مەرج نییە لە دو وشەی واتادار و سەربەخۆ پێکهاتبێت، بەڵکو دەشێت کەرتە پێکهێنەرەکانی بنکەی بەند بن. بەهەمان شێوە بۆ ناوی لێکدراویش دەشێت بڵێین ناوێکە لە دو مۆڕفیمی بنکەی سەربەخۆ یان دو مۆڕفیمی بنکەی بەند یاخود بنکەیەکی سەربەخۆ و بنکەیەکی بەند پێکهاتبێت.. ئاشکرایە "لە زمانی کوردیدا ناوی لێکدراو زۆر باوە و یەکێکە لە کەرەستە هەرە چالاکەکانی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە"(نازەنین جەلال، ٢٠٠٤، ٩٩)، واتە ناوی لێکدراو بەشدارییەکی کارای هەیە و ڕێژەی بەشداری ناوی لێکدراو لە ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری لێکدراو زیاترە.

ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە، ئەو ناوە لێکدراوانەن، کە مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانیاندا بەشدارە. لەوانە:

### ٢-٢-١-١: ناوی لێکدراوی پیشە:

ناوێکە بۆ ئەو ناوانە بەکاردێت، کە چەمکی پیشەکار یان ئەنجامدەری پیشەیەک دەگەیەنن. مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری بەیاریدەی بنکەیەکی تر لە ڕۆنانی ئەو جۆرە ناوەدا بەشداریدەکات و وشەیەکی نوێ بە واتا و فۆڕمێکی نوێوە بەرهەمدەهێنێت. بەنمونە:

١. مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری+ مۆڕفیمی بەندی بنکەی کاری

ئێشک+ گر ⟵ ئێشکگر

فێر+ خواز ⟵ فێرخواز



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

## ٢-٢-٢: ئاوەڵناوی لێکدراو:

ئاوەڵناویش وەک بەشێکی ئاخاوتن و کەتیگۆرییەکی سەربەخۆ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا بەشداریدەکات. دەگوترێت ئاوەڵناوی لێکدراو "لە دو مۆرفیمی بنجی یان پتر پێکدێت"(نازەنین جەلال، ٢٠٠٤، ١١٧)، ئەوەی لەبارەی وشەی لێکدراودا خرایەڕو بۆ ئاوەڵناوی لێکدراویش دەشێ بەو واتایەی کە، ئەو ئاوەڵناوەیە، کە لە دو مۆرفیمی بنکەی سەربەخۆ یان بەند یان بنکەیەکی بەند و سەربەخۆیەک پێکدێت. ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە، ئەو ئاوەڵناوە لێکدراوانەن، کە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە پێکهاتەکەیاندا بەشدارە. بۆ نمونە:

١. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری (خۆ)+ مۆرفیمی بەندی بنکەی کاری

خۆ+ فرۆش ⟵ خۆفرۆش

## ٢-٣: وشەی لێکڕژاو:

ئەمجۆرە وشەیە دەرکردەی پرۆسەی لێکڕشتنە، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی وشەیەکی لێکدراو لەگەڵ گیرەکێکی فەرهەنگی یاخود وشەیەکی دارێژراو، کە پێکهاتوە لە بنکەیەک و گیرەکێک لەگەڵ بنکەیەکی تردا بەرهەمدێت، جیاوازی لەگەڵ وشەی لێکدراو ئەوەیە، کە وشەی لێکدراو تەنها لە دو مۆرفیمی بنکە پێکدێت، بەڵام لە وشەی لێکڕژاودا سەرەڕای بونی دو بنکە گیرەکێکی تری فەرهەنگی یان زیاتر بەشداریدەکات و وشەیەکی نوێ دروستدەبێت. لێرەدا هەوڵدەدرێت وشە لێکڕژاوەکان بەپێی دەرکردەکانیان و کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان پۆلێنبکرێن، بەواتایەکی تر هەمو ئەو وشە لێکڕژاوانەی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانیاندا بەشداریدەکات دەخرێنەڕو.

## ٢-٣-١: ناوی لێکڕژاو:

ئەو ناوانەن، کە لە دو بنکەی سادە یان ناسادە و گیرەکێک یان زیاتر دروستبون، واتە هەمو ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە بەڕێگەی لێکدان و داڕشتن دروستبون. دەشێت ناوی لێکڕژاو لە ناوێکی لێکدراو و گیرەکێک یان زیاتری وشەدارێژ پێکهاتبێت، یاخود لە ناوێکی دارێژراو و بنکەیەکی تری فەرهەنگی پێکهاتبێت. ناوە لێکڕژاوەکان زۆر و هەمەچەشنن، بەڵام لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە ئەو ناوانەن، کە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە پێکهاتنیاندا ڕۆڵ دەبینێت، ناوەکانیش بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبن، لەوانە:

## ٢-٣-١-١: ناوی لێکڕژاوی واتایی:

ناوی واتایی ناوێکی نابەرجەستەیە، واتە ئەبستراکتە و لە جیهانی دەرەوەدا ئاماژەدەرمان بۆیان نییە، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی "لەڕوی واتاییەوە دەلالەت لە واتای گشتی دەکات، یاخود لایەنی گشتیی تێیدا ڕەنگدەداتەوە"(مستەفا ڕەزا، ٢٠١٣، ٦٧). زۆرن ئەو پاشگرانەی ڕۆڵی ڕۆنانی ناوی واتایی دەگێرن، بەڵام "پاشگری (ـی)ی ئەبستراکتی دەورێکی باڵا دەبینێت لەداڕشتن و ڕۆنانی ناوی واتاییدا) (فاڕوق عومەر، ١٩٧٥،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

٤٩٤). ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، ئەو ناوە واتاییە لێکڕژاوانەن، کە مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری لەڕۆنانیاندا بەشدارە، ناوەکانیش بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە دروستدەبن:

١. مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری (خۆ)+ مۆڕفیمی بەندی بنکەی کاری+ پاشگر

خۆ+ فرۆش+ ی ←——— خۆفرۆشی

٢. مۆڕفیمی بەندی بنکەی ناکاری (خۆ)+ پێشگر + مۆڕفیمی بەندی بنکەی کاری+ پاشگر

خۆ+ ڕا+ گر+ ی ←——— خۆڕاگری

## ٢-٣-١-٢: ناوی لێکڕژاوی ڕوداو/ کرداری:

ناوی ڕوداو، لە زۆربەی ئەو کارانەی لەبارەیەوە کراون بە چاوگ یان کار ناوییان بردوە[١٣]، هەروەها لەڕوی فۆڕم و شێوەوە بۆ چاوگی سادە و ناسادە، ناسادەش بۆ داڕێژراو و لێکدراو و ئاڵۆز دابەشکراوە. بەگشتی دەربارەی ناوی ڕوداو دەگوترێت (ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کە لە سێ مۆڕفیمی بەند پێکدێت، بەمەرجێک یەکێک لەو مۆڕفیمانە مۆڕفیمی بەندی بنکەی کاری (ڕەگی کار) بێت)(نازەنین جەلال، ٢٠٠٤، ١٤١). واتە لە زمانی کوردیدا فۆڕم و پێکهاتەی سادەترین ناوی ڕوداو لانی کەم لە سێ مۆڕفیمی بەند پێکدێت. ئەمەش لەڕوی دروستەی مۆرفۆلۆژییەوە بە سادە دانانرێت، چونکە هەر وشەک لە بنکەیەک و گیرەکێک یان زیاتر پێکهاتبێت سادەنییە.

بەبۆچونی ئێمە لەبەرئەوەی ناوی ڕوداو پێکهاتەیەکی سادەی نییە و داڕێژراوە، هەروەها لێکدراویشی نییە. بە واتایەکی تر هەمو ناوە ڕوداو/ کردارییەکان یان داڕێژراون، یان لێکڕژاون، واتە لەڕوی پێکهاتنەوە تەنها دو جۆر ناوی ڕوداومان هەیە، ئەوانیش ناوی ڕوداوی داڕێژراو و ناوی ڕوداوی لێکڕژاوە.

ناوی ڕوداوی داڕێژراو: بریتییە لە قەدی تافیی+/ـن/ی بەناوکردن و لە کارخستن، قەدی تافیی لە مۆڕفیمی بەندی بنکەی کاری (ڕەگی کار) و مۆرفمی تافیی ڕابردو پێکهاتوە (ئاریان سدیق، ٢٠٢٠، ٥٩). بەواتایەکی تر ئەو ناوەیە، کە لە کارێک، کە پێکهاتوە لە (مۆڕفیمی بەندی بنکەی کاری و گیرەکی کات)، لەگەڵ گیرەکی فەرهەنگی (ـن)، پێکدێت. بەگشتی ناوە ڕوداوییەکان لە زمانی کوردیدا بە دەنگی (ـن) کۆتاییان دێت. وەک خرایەڕو سادەترین فۆڕمی ناوی ڕوداو داڕێژراوە.

ناوی ڕوداوی لێکڕژاو: ئەو جۆرە ناوانە دەگرێتەوە، کە لە یەکگرتنی دو بنکەی سادە یان ناسادە یان زیاتر لەگەڵ گیرەکێک یان زیاتر، ڕاستەوخۆ بەبێ ناوەندگیر پێکدێت و وەک وشەیەکی نوێ لەڕوی فۆڕم و واتاوە ڕەفتار دەکات، بنکەی کۆتایی وشە لێکڕژاوەکە هەمیشە ناوی ڕوداوی داڕێژراوە، بنکەکەی تریش دەشێت (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە)ی سادە یان داڕێژراو یان لێکدراو، یاخود بنکەیەکی بەندی کاری یان ناکاری بێت. بەگشتی یاسای ڕۆنانی ناوی ڕوداوی لێکڕژاو دەشێت بەمجۆرە بێت:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

### ـ بنكەی سادە/ ناسادە+ ناوی ڕوداوی داڕێژراو/ لێكرژاو:

ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەكەی ئێمەوە هەیە، ئەو ناوە ڕوداو/ كرداریی‌یانەن، كە مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری لە ڕۆنانیاندا ڕۆڵدەبینێت و وەک كەرەستەیەكی سەرەكیی لە وشەكەدا بەشداریدەكات. هەروەها لەبەرئەوەی بنكەی بەندی ناكاری گیرەک نییە، تەنها ناوی ڕوداوی لێكرژاو دەگرێتەوە، كە بەپێی جۆر و شێوەی هاتنیان بەسەر چەند یاسایەكدا دابەشیان دەكەین، وەک:

١. مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری+ ناوی ڕوداوی داڕێژراو:

یەكێكە لە یاسا بەبەرهەمەكانی ڕۆنانی ناوی ڕوداوی لێكرژاو، كە بنكە ناكارییەكە بە یاریدەی ناوی ڕوداوی داڕێژراو، ژمارەیەكی زۆر ناوی ڕوداوی لێكرژاو بەرهەم دەهێنێت، وەک لەم وشانەدا بەرچاودەكەوێت.

واز+ هێنان ⟵ وازهێنان

٢. مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری (خۆ)+ ناوی ڕوداوی داڕێژراو:

بنكەی بەندی ناكاری (خۆ) بەیاریدەی ناوی ڕوداوی داڕێژراو لە ڕۆنان و بەرهەمهێنانی ناوی ڕوداوی لێكرژاودا بەبەرهەم و چالاكە، وەک لەم وشانەدا بەدیاردەكەوێت.

خۆ+ كوشتن ⟵ خۆكوشتن

خۆ+ هەڵكێشان ⟵ خۆهەڵكێشان

٣. مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری (خۆ)+ ناوی ڕوداوی لێكرژاو:

مۆرفیمی بەندی خۆیی بە یاریدەی ناوی ڕوداوی لێكرژاوی دو بنكەی، ناوی ڕوداوی لێكرژاوی فرەبنكەیی ڕۆدەنێت، وەک:

خۆ+ فێركردن ⟵ خۆفێركردن

٤. پێشبەند+ مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری (خۆ)+ ناوی كرداری داڕێژراو:

وەک لە یاساكەدا دەردەكەوێت، پێشبەند و مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری (خۆ)، بەیاریدەی ناوێكی ڕوداو/ كرداری داڕێژراو ناوی ڕوداوی لێكرژاو بەرهەمدەهێنێت، ئەم یاسایەش بەبەرهەم و چالاكە لە ڕۆنانی ئەوجۆرە وشانەدا، وەک:

لەخۆ+ چون ⟵ لەخۆچون

### ٢-٣-٢: ئاوەڵناوی لێكرژاو:

ئەو ئاوەڵناوانەیە، كە لە دو مۆرفیمی بنكە و گیرەكێكی وشەداڕێژ یان زیاتر پێكدێت. لێرەدا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، ئەو ئاوەڵناوە لێكرژاوانەن، كە مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری لە ڕۆنانیاندا ڕۆڵی سەرەكیی و بنەڕەتی دەبینێت، كە لە خوارەوە بەپێی یاسای پێكهاتنیان دەخرێنەڕو:

١. مۆرفیمی بەندی بنكەی ناكاری (خۆ)+پێشگر+مۆرفیمی بەندی بنكەی كاری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

ئەم یاسایە، کە پێکهاتوە لە مۆرفیمی بەندی بنکەی خۆیی و پێشگرێکی وشەداڕێژ و مۆرفیمی بەندی بنکەی کاری، واتە وشەیەکی داڕێژراو، کە لە پێشگر و بنکەیەکی کاری پێکهاتوە بەیەکگرتنی لەگەڵ بنکەیەکی ناکاری ئاوەڵناوێکی لێکرژاویان بەرهەمهێناوە. وەک:

خۆ+ هەڵ+ بەست ⟵ خۆهەڵبەست، خۆهەڵکێش،

خۆ+ نە+ گر ⟵ خۆنەگر

خۆ+ ڕا+ گر ⟵ خۆڕاگر

٢. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری (خۆ)+ مۆرفیمی بەندی بنکەی کاری+ پاشگر

پێکهاتنی ئەم جۆرە وشانە بە پرۆسەی یەکهەنگاوی ئەنجام دەدرێت، واتە بەیەک هەنگاو و لە یەک کاتدا، دو پرۆسە ئەنجام دەدرێن، بۆ ئەوەی وشەیەکی واتادارمان دەستبکەوێت، چونکە پێشتر هیچ وشەیەکی واتادارمان نەبوە، وەک:

خۆ+ خۆ+ ەر ⟵ خۆخۆر

## ٢-٤: وشەی دوبارەبۆوە:

یەکێکی تر لەو وشانەی، کە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانیدا بەشداریدەکات و ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەماندا هەیە وشەی دوبارەبۆوەیە، ئەو وشانە لەئەنجامی دوبارەکردنەوەی یەک بنکە ڕاستەوخۆ بەبێ یاریدەی گیرەک و ناوەندگیر یاخود بەیاریدەی گیرەکێکی تر وشەیەکی نوێ دروستدەکەن. دوبارەکردنەوەش چەند جۆرێکی هەیە، لێرەدا تەنها مەبەست لەو وشانەن، کە بە دوبارەکردنەوەی تەواو (ڕاستەوخۆ یان بەیاریدەی ناوەندگیر و گیرەک) بەرهەمهاتون. (لەڕوی واتاییەوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا نییە، بەڵکو جیاوازییەکە زیاتر لایەنی چڕکردنەوە و خەستکردنەوەی واتا دەگەیەنێت) (کەوسەر عەزیز، ٢٠٠٦، ٥٦)، هەروەها لەم جۆرە وشانەدا کردەیەکی بەردەوامی نیشاندەدرێت، هەندێجار لە دوبارەکردنەوەی تەواودا جۆری وشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. واتە "دوبارەکردنەوەی تەواو دەتوانێت بەشی ئاخاوتنی وشەکە بگۆڕێت"(هەمان سەرچاوە، ٥٧)، بۆ نمونە لە دوبارەکردنەوەی مۆرفیمی بەندی بنکەوە ناو ڕۆدەنرێت. شێوەکانی بەشداریکردنی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە وشەی دوبارەبۆوەدا چەند جۆرێکە، وەک:

١. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری+ دوبارەبونەوەی هەمان بنکە

مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاریش بەهەمان شێوەی مۆرفیمی بەندی بنکەی کاری بەشداری لە ڕۆنانی وشەی دوبارەبۆوە دەکات، کە ڕاستەوخۆ و بەبێ ناوەندگیر چەند وشە و فۆرمە وشەی نوێ ڕۆدەنێت، وەک لەم وشانەی خوارەوە.

ئەنجن + ئەنجن ⟵ ئەنجن ئەنجن، تیوتیو

٢. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری+ ناوبەند+ دوبارەبونەوەی هەمان بنکە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

دوبارەکردنەوەی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری بەیاریدەی ناوبەندێک دەنگ ڕۆدەنێت. وەک:

گف+ ه+ گف ⟵ گفەگف

٣. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری (خۆ)+ ناوەندگیر+ دوبارەبونەوەی هەمان بنکە

خۆ+ بە+ خۆ ⟵ خۆبەخۆ

**بەشی سێیەم: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە وشەی زمانی کوردیدا:**


ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی وشەی زمانی کوردیدا لەسەر بنەمای ئەو وشانەی وەک (نمونە/ Sample) وەرگیراون دیاریدەکرێن، کە ژمارەی وشەکانیش بریتین لە (٢٤٣)وشە، کە بۆ دەرخستنی ڕێژەی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری سودیان لێوەرگیراوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**٣-١: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە وشەی داڕێژراودا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە کۆی (٢٤٣) وشە لە ڕۆنانی (٣٥) وشەی داڕێژراودا بەشداریدەکات، کە ئەوانیش بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبن. کە لە خوارەوە ڕوندەکرێتەوە و بەشێوەی چارت لە هێڵکاری ژمارە (٢)دا دەخرێتەڕو:

**٣-١-١: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراوی جێگادا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراوی جێگادا بە (٦) شەش وشە بەشداریدەکات، کە ئەمانەن: (حەشارگە، تاقیگە، فێرگە، نزرگە، جومگە، چەناگە).

**٣-١-٢: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراوی ئامێرو کەلوپەلدا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ئەم جۆرە ناوەدا کەمبەرهەم و ناچالاکە و تەنها لە یەک وشەدا بەشداریدەکات. بەنمونە: (خاشاک)

**٣-١-٣: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراوی واتاییدا:** لەکۆی (٣٥) وشەی داڕێژراو کە مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکات (٢٨) وشە ناوی داڕێژراوی واتاییە، کە ئەمانەن: (بارە، گفە، لورە، زیکە، جیکە، تەقە، مرە، گرە، بۆرە، جریوە، بۆڵە، پرخە، گرمە، قیژە، پرتە، پلتە، پرتە، ترپە، چپە، چزە، شڵپە، شیرە، قاسپە، قرە، کلپە، گیزە، ویرە، هاژە).




هێڵکاری ژمارە ٢




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

**٣-٢: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە وشەی لێکدراودا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لەکۆی (٢٤٣) وشە، لە ڕۆنانی (٢٣) وشەی لێکدراودا بەشداریدەکات. بەمشێوەیە:

**٣-٢-١: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی لێکدراوی پیشەدا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوە لێکدراوەکانی (فێرخواز، ئێشکگر)دا بەشداریدەکات.

**٣-٢-٢: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ئاوەڵناوی لێکدراودا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ئاوەڵناوی لێکدراودا بەبەهەم و چالاکە و توانای ڕۆنانی ٢١ وشەی هەیە، کە ئەمانەن: (خۆگر، خۆبەخش، خۆکوژ، خۆژێن، خۆنوێن، خۆپەرست، خۆپارێز، خۆناس، خۆبەست، خۆسەپێن، خۆکێش، خۆترێن، خۆسوتێن، خۆپاڵێو، خۆپێو، خۆمژ، خۆکرۆژ، خۆپۆش، خۆبەزێن، خۆنوس، خۆفرۆش).




هێڵکاری ژمارە ٣

**٣-٣: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە وشەی لێکرژاودا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری بە بەراورد بە جۆرەکانی تری وشە لە وشەی لێکرژاودا بەبەرهەمە، لە کۆی (٢٤٣) وشە، کە لە ڕۆنانیادا بەشداریدەکات، (١٦١) وشەیان لێکرژاوە، کە ئەوانیش بۆ چەند جۆرێک دابەشدەبن، وەک:

**٣-٣-١: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی لێکرژاوی واتاییدا:** لە کۆی (١٦١) وشەی لێکرژاو مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی (٨) ناوی لێکرژاوی واتاییدا بەشداریدەکات. کە ئەمانەن: (خۆپارێزی، خۆکوژی، خۆگری، خۆنوسی، خۆپەرستی، خۆبینی، خۆفرۆشی، خۆڕاگری).


**٣-٣-١: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی لێکرژاوی ڕوداو/ کرداریدا:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی ناوی لێکرژاوی ڕوداودا بەبەرهەمە و توانای ڕۆنانی (١٤٨) ناوی ڕوداوی هەیە، کە ئەمانەن: (ئەنجنکردن، ئاواکردن، ئەتککردن، پەیبردن، بەرپاکردن، بەرپابون، پەلکردن، تکەکردن، تەماشاکردن، تەتەڵەکردن، تەقکردن، گلۆرکردن، ساڕێژبون، ساڕێژکردن، سڵکردن، فێرکردن، فێربون، نقومکردن، نقومبون، پەیداکردن، پەیدابون، وسبون، فرێدان، پفدان، پفکردن، پفخواردن، قولپدان، قوڵپخواردن، قوڵپکردن، هاندان، شیکردنەوە، شیبونەوە، تاقیکردنەوە، پەککەوتن، پەکخستن، فریاکەوتن، پەنگخواردن، جاڕدان، توڕدان، قوتدان،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

ئێشکگرتن، پاڵکەوتن، پاڵنان، تەفرەبردن، تەفرەخواردن، تەفرەدان، خپبون، ختکردن، خەفەبون، خەفەکردن، ڕەتبون، ڕەتکردن، زەندەقچون، فتبون، فتکردن، فسدان، قاڵبون، قاڵکردن، قڕبون، قڕکردن، قڕتێکەوتن، کاسبون، کاسکردن، کولکردن، گلۆربون، گلۆرکردن، گلدان، گلخواردن، گلکردن، گلبونەوە، گێڕبون، گێرکردن، لافلێدان، لۆسبون، لۆسکردن، متبون، واقبون، مڕبون، مڕکردن، یەقکردن، فریودان، فریوخواردن، پەلپگرتن، خۆگرتن، خۆگەیاندن، خۆسوتاندن، خۆگۆڕین، خۆفرۆشتن، خۆشکاندن، خۆنواندن، خۆپاراستن، خۆناسین، خۆپەرستن، خۆکوشتن، خۆشوشتن، خۆپالاوتن، خۆبەستن، خۆکێشان، خۆبادان، خۆبرین، خۆخلافاندن، خۆخوراندن، خۆکوتان، خۆخزاندن، خۆدانان، خۆخواردن، خۆنوسین، خۆنیشاندان، خۆخستن، خۆدزینەوە، خۆگرتنەوە، خۆکردنەوە، خۆشاردنەوە، خۆگونجاندن، خۆڕاگرتن، خۆتێگرتن، خۆداگرتن، خۆداکوتان، خۆهەڵکردن، خۆهەڵخستن، خۆڕاخستن، خۆهەڵدان، خۆهەڵکێشان، خۆبەردان، خۆتێکردن، خۆهەڵقورتاندن، خۆپێگەیاندن، خۆگیرکردن، خۆکەرکردن، خۆفێرکردن، خۆتێرکردن، خۆئامادەکردن، خۆماندوکردن، خۆپەسەندکردن، خۆگێلکردن، خۆبەختکردن، خۆجوانکردن، خۆفرێدان، خۆنقومکردن، خۆشیرینکردن، خۆکێشکردن، لەخۆدان، لەخۆچون، لەخۆبونەوە، لەخۆبوردن، بەخۆگرتن، لەخۆگرتن، بەخۆکردن.

**٣-٣-٣. ئاوەڵناوی لێکرژاو:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری دەتوانێت لە ڕۆنانی ئاوەڵناوی لێکرژاودا بەشداری بکات و توانای ڕۆنانی (٥) ئاوەڵناوی لێکدراوی هەیە. کە ئەمانەن: (خۆهەڵبەست، خۆهەڵکێش، خۆنەگر، خۆڕاگر، خۆخۆر) .





هێڵکاری ژمارە ٤

**٣-٤: ڕێژە و بەرهەمی مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە وشەی دوبارەبۆوە:** مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی وشەی دوبارەدا ڕاستەوخۆ یان بەیاریدەی ناوبەندێک یان گیرەکێکی تری فەرهەنگی بەشداریدەکات و لە کۆی (٢٤٣) وشە، توانای ڕۆنانی (٢٤) وشەی دوبارەی هەیە. کە ئەمانەن: (هاژەهاژ، لورەلور، سیکەسیک.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

جیکەجیک، مرەمڕ، گرەگڕ، ترپەترپ، جریوەجریو، بۆڵەبۆڵ، پرخەپرخ، گرمەگرم، پرتەپرت، چپەچپ، چزەچز، شڵپەشڵپ، شیرەشیر، قاسپەقاسپ، قرەقڕ، گارەگار، گمەگم، گیزەگیز، ویرەویر، گڤەگڤ، خۆبەخۆ).




هێڵکاری ژمارە ٥

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەنجامە بە دەستهاتوەکان دەشێت لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری وەک کەرەستەیەکی سەرەکیی و بنەڕەتیی لە ڕۆنانی وشە و زاراوەی نوێدا بەشداریدەکات و دەتوانێت وشەیەکی نوێ بە واتا و فۆرمێکی نوێوە ڕۆبنێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبونی فەرهەنگی زمان.

٢. مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری لە ڕۆنانی وشەی لێکرژاودا بەبەرهەمترە، وەک لە ڕۆنانی وشەی لێکدراو و داڕێژراو و دوبارەدا. بە جۆرێک لە کۆی (٢٤٣) وشەیەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا (١٦١) وشە بە ڕێگەی لێکرژاو ڕۆنراون. بۆ پشتگیری ئەمەش سەیری هێڵکاری و چارتی (٤) بکە.

٣. سنور و توانای مۆرفیمی بەندی بنکەی ناکاری تەنها لە ئاستی مۆرفۆلۆژی دایە، واتە تەنها دەتوانێت ڕۆڵی مۆرفۆلۆژیی ببنێت ئەویش بەڕۆنانی وشە و زاراوەی نوێ.

٤. ئەم جۆرە مۆرفیمە هەمیشە دەبێتە بەشی یەکەمی وشەی لێکدراو و بەشی یەکەم یان دوەمی وشەی لێکرژاو، واتە هیچ کاتێک ناکەوێتە کۆتایی وشە.

٥. دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە مۆرفیمە کاریگەریی دەبێت لەسەر پۆلێنی جۆرەکانی مۆرفیم یان جۆرەکانی بنکەی بەند، چونکە لە زمانی کوردیدا زیاتر ئاماژە بەڕەگی کردار کراوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

# Bound Base Morpheme and its Role in Forming Words in Kurdish Language

**Dler sadq kanabi [1] - Ibrahim Mohammed Khdir [2]**
[1]Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
[2] Kurdish Department, College of Basic Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This study, entitled " bound base morpheme and its role in Kurdish language", is an attempt to introduce the bound base morpheme in Kurdish and to analyze the morphology of the words in which this type of morpheme plays (i.e. the role of the base). The study consists of three sections and follows the method of analytical description.

The first part is a theoretical section is devoted to the discussion of bases, their characteristics and types of bases, the difference between the bound base and affix, and the role of bound base both for bound root and bound base.

The second part includes the practical part of the research, in which the role of the bound base morphemethe in Kurdish-language has been investigated, and the words which have been produced are classified and separated according to the type of their products, dictionary categories, and the rule of their construction. The third part is dedicated for the statistics of all the words that the bound base is having role in their forming and construction are shown in charts.

Finally, the results, the list of sources and the summary of the research were presented in Arabic and English.

**Keywords**: Morpheme, Bound Morpheme, Baund Root, Bound Base.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25**

## سەرچاوەکان:


ئاریان سدیق عەزیز (٢٠٢٠) ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ئەورەحمانی حاجی مارف (1977) وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئیبراهیم ئەحمەدی (١٣٨٨) فەرهەنگی دەنگە ناو، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە پاساژی عیزەتی، سنە.

بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤) چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

بێستون حەسەن ئەحمەد (٢٠١١) کۆمەڵە وشەو پێکەوە هاتن لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ڕەفیق محەمەد شوانی (٢٠٠٨) ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

ڕەفیق شوانی (٢٠١٤) وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دوەم، کۆمەڵەی چاپخانەی داودی، کەرکوک.

سامی حوسێن قادر(2017) بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک) دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

سەعید کەرەمی (2017/1396) وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانستگای کوردستان، سنە.

سەمیرە تۆفیق یونس (٢٠١٣) سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

سلێمان ئیسماعیل (٢٠٠٦) مۆرفیمێن ڕێزمانیێن کوردییا سەری(گۆڤەرا بەهدینان)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

شێرکۆ بابان (2008) بەرەو وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

شێرکۆ حمە ئەمین قادر (2002) مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

کەوسەر عەزیز ئەحمەد (٢٠٠٦) جوتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

فارۆق عومەر سدیق (١٩٧٥) وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دوەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١٥) چەند باسێکی وردی زمانەوانی ـ کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٥) وشەسازی زمانی کوردی، چاپی سێیەم، هەولێر.

عەمید ئەحمەد حەسەن (1975) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

غازی عەلی خورشید (٢٠١١) زمانی فەرمی بۆ کوردسان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

مەسعود مەحمەد (٢٠١٦) زاراوەسازی پێوانە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25

محەمەد مەعروف فەتاح (2010) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەی شێروان حوسێن و شێروان میرزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
محەمەدی مەحویی(٢٠١٠) مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم.
مستەفا ڕەزا نستەفا (2013) ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
میدیا مراد محەمەد ئەمین (٢٠٠٩) لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
نازەنین جەلال ئەحمەد (٢٠٠٤) وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجیی خواروی زمانی کوردیدا (لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زتنکۆی بەغدا.
نوری عەلی ئەمین (٢٠١٢) ڕێزمانی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
نیسار فەتاح عەبدوڵڵا (٢٠١٥) دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، بەشی کوردی، کۆیە.
وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، هەولێر. چاپخانە
یوسف شەریف سەعید "أ" (٢٠١٣) کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
یوسف شەریف سەعید "ب" (٢٠١٣) وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ابراهیم بدخشان (1389) بررسی پیکره بنیاد میزان زایایی فرایند ترکیب در زبان فارسی امروز، رساله جهت اخذ مدرک دکتری زبانشناسی همگانی، دانشگاه علامه طباطبایی.
علاءالدین بهشتی (١٣٧٥) ساختمان واژه زبان فارسی امروز، چاپخانه پیروز.
علی بهرامی (١٣٨٣) گرور هادسن، مباحس ضروری وبنیادین زبان شناسی مقدماتی، چاپخانه گوهراندیشه، انتشارات رهنما، تهران.
غلام رضا تجویدی (٢٠١٨) واژەشناسی انگلیسی همراه با فرایندهای واژەسازی در انگلیسی و فارسی، تهران.
مهدی مشکوة الدینی (١٣٨٦) توصیف و اموزش زبان فارس، انتشارات دانشگاه فردوسی، چاپ سوم، مشهد.
ویدا شقاقی(1387) مبانی صرف، چاپ دوم، سمت، تهران.
ویدا شقاقی (1394) فرهنگ توصیفی صرف، چاپ اول، مرکز پخش انقلاب. تهران.

Adrian Akmajian and Other (2010) An Introduction to Language and Communication, Sixth Edition, London.
Bauer, L. (2004). Adjectives, Compounds and Words. Nordic Journal of English Studies 3/1- 7-22.
Carstairs-McCarthy, Andrew (2002) An Introduction to English Morphology: Words and Their Structures, Edinburgh University Press.
Francis Katamba (1993) Morphology, First published in the United States of America.
Liber, Rochelle (2009) Introducing morphology, first published in the United States of America by Cambridge University Press, New York.
Martin Haspelmath and Andrea D. Sims (2010) Understanding Morphology, second Edition, Editors Bernard Comrie and Greville Corbett, The Ohio State University, London.


**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25**

Aristophanes, 2003 Morphology: The Words of Language
https://www.torosceviri.info/wp- content/uploads/2019/09/chp.2-FRH.pdf.
https://simple.wikipedia.org/wiki/Base_(mathematics)

## پەراوێزەکان:

[١] . بڕوانە: (سەعید کەرەمی، ١٣٩٦، ٢٠

[٢] . زاراوەی بنکە لەڕوی پێکهاتنەوە وشەیەکی داڕێژراوە لە (بن+ کە) واتە (ئاوەڵکار+ پاشگر) پێکهاتوە.

[٣] . (https://simple.wikipedia.org/wiki/Base_(mathematics

[٤] دەکرێت هۆکاری ئەمە بۆ هاوبەشی نێوان (ڕەگ، قەد، بنکە) بگەڕێتەوە، یاخود بە هەڵە تێگەیشتن لە چەمکی بنکە.

[٥] . بڕوانە: علاءالدین بهشتی، ١٣٧٥، ٢٦

[٦] . بۆ ئەم بابەتە سودم لە (ڕەفیق شوانی، 2014، 179).

[٧] . لێرەدا تەنها مەبەست لە گیرەکە فەرهەنگییەکانە و گیرەکە ڕێزمانییەکان باسناکرێن.

[٨] . بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧، ٩١)؛ (یوسف شەریف"أ"، ٢٠١٣، ٢٠)؛ (بەکر عومەر، ٢٠١٤، ٢١٧).

[٩] . بڕوانە: (عەمید ئەحمەد، ١٩٧٥، ٣٢٢-٣٢٣).

[١٠] . بڕوانە: (Andrew Carstairs McCarthy, 2002, 19)ـ (Adrian Akmajian, 2015, 51) ـ

[١١] . بڕوانە: (نازەنین جەلال، ٢٠٠٤)، (بێستون حەسەن، ٢٠١١)، (سەمیرە تۆفیق، ٢٠١٣)، (سامی حوسێن، ٢٠١٦).

[١٢] . بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٧، ٨٣)، (میدیا مراد محەمەدئەمین، ٢٠٠٩، ٩٠)، (غازی عەلی خورشید، ٢٠١١، ٦٨)، (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠١٤، ٧٨).

[١٣] . ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٣٧)، (ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤، ١١٠-١١٣)، (نوری عەلی ئەمین، ٢٠١٢، ١٣٦-١٣٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper25